وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان:30**

**ڕۆژی دەرهێنان:2004/6/20**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە (43)ی ڕۆژی (2004/6/19)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی (1997) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە(30)ی ساڵی 2004

**ماددەی یەکەم:**

یاسای ژمارە(9)ی ساڵی 2004کە تایبەتە بە دابڕینی بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرگریی شارستانی لە وەزارەتی ناوخۆو لکاندنیان بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وکوزارەوە-ئیلغا دەکرێت.

**ماددەی دووەم:**

بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگریی شارستانی دووبارە بە وەزارەتی ناوخۆوە دەبەسترێنەوەو دەکەونەوە ناو پێکهاتەکانی ئەو وەزارەتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عیراق**